خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی:پرۆژەی لەچاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی -پاسۆک

**گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی..** بەرگی یەکەم ژمارە ١-١٦/ چاپی٢٠٢٢




پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین

ئاڵای سووری کوردایەتی

پێش ئەوەی هەشتێ بین.. دەبێ کورد بین

ژمارە (هەشت) ئەیلوولی ١٩٨١ گەلاوێژی ٢٥٩٣

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە



ئەم ژمارەیە قەبارەکەی زۆر ئەستوورە و لە ٧٢ لاپەڕە پێکهاتووە و باسەکانی چڕوپڕ و دەوڵەمەندن بە کۆمەڵێ بابەت و وتاری گرنگ . بۆیەکەم جاریش لەسەر کۆمەڵێ بابەتی کوردستانی و بارودۆخی ئەو قۆناغە و پێگەی پاسۆک، چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ بەشێک لە بەرپرس و کادێر و پێشمەرگەکانی

پاسۆک دا..
تێکڕای بابەتەکان ١٢ و پێدەچێ بۆنەی یادی ڕسکانی پاسۆک لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا، لە قورسایی ئەم ژمارەیەشدا بایەخی خۆی بەدەر بخات..

دوو بۆنەی گرنگ و پێکهاتەی زیندوویی ناسنامەی پاسۆک... یادکردنەوە و ڕێزگرتن و ستایشیان پێداویستییەکی نەتەوەیی و حیزبییە.

{سەروتار..[
سەروتارەکە کورت و خەستوخۆڵە و چەپکە گوڵی پیرۆزبایی بۆ شۆرشی ئەیلوول و ڕسکانی پاسۆک دەخاتە سەر خەرمانی تەمەن..

بڕگەیەک لەم وتارە " لەتەک ئەم یادەدا لەگەڵ شەشەمین ساڵڕۆژی نوێبوونەوەی حیزبمان پێشوازی دەکەین کە هەر جووتبوونەوەی ساڵڕۆژی حیزبمان و گەورەترین شۆڕشی کورد لەم چەرخەدا ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە ( پاسۆک) ویژدانی نەتەوەی کوردە و دەربڕی / معبرخساز و خواستی نەتەوەکەمانە."

وتارەکە وەک پرنسیپ دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ و ستراتیژە سەرەکی و بنجییەکەی فەلسەفەی ڕێبازی کوردایەتی و گوتاری کوردبوون و دەنووسێ:" بام داگیرکەرامان و دوژمنانی بیروباوەڕ بڵندی کوردایەتی داخ لە دڵانی خۆفرۆش چاویان بە بەژن و باڵای " پاسۆک" دا هەڵنەیە و مەرگی خۆیان لە گەشەیدا ببینن و هەزار و یەک داوی " ئینگلیزی" مان لەسەر ڕێدا بچێنن.. بەڵام هەر دەڕۆین و دەشگەینە ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) چونکە ئەوە حوکم و حەتمییەتی مێژووە.."

چەند باوەڕێکی پتەو وا لە پشت ئەم دێرانەوە، چۆن ئیرادە و ویستێکی پۆڵاین ئەم قسانەی مەحکەم کردووە..؟؟ بەڕاستگۆیی، چەند دروست ڕێی سەختی کوردایەتی خستۆتە ڕوو و چەندیش بە هوشیاریی و زیرەکانەوە باس لە داوی دەستی ( ئینگلیز) دەکات.. ئەو داوەی بە نامرۆڤانەترین شێوە بۆ کورد چنراوە و تنۆک بە تنۆک نامەردی و ستەمکاریی کۆلۆنیالیزمی لێ دەتکێ و قێزەونترین وێنەی جیهانی بێ مۆراڵ لە ئاست بوون و چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانێک نیشان دەدات..

چیرۆکی تاوانەکانی ئینگلیز بەرانبەر بە کورد، بەدەیان و سەدان داستان و هەزاران تێزی دکتۆرا کۆتایی نایەت و لەو ڕۆژەوەی کۆت و نیری بندەستی کراوەتە پێ و ملی کورد، هەتا ئیمڕۆ و تا کوردیش دەگاتە سەربەخۆیی ئەو هێزە کۆلۆنیالیستە بەرپرسە لەو تراژیدیاییانەی بەسەر کورددا هێناویێتی و هاتوون و دواتریش دێن.!

ئەم پەیامە کورتە لێ بەناوەڕۆک دەوڵەمەند و مانابەخشە بارگاوییە بە بیر و هزری پاسۆک و چەندایەتی و چۆنایەتی خەباتی لەسەر ئاستی ناوخۆ بە ناحەز و دژبەرە ناهەموارەکانەوە.. من دڵنیام گۆڤاری ئاڵا و دەستەی ڕێداشیۆنی ویستوویەتی زیاتریش دەست لەسەر ئەم پەیامە داگرێ و خەستتری بکاتەوە،لێ لێرەدا هەر ڕاگەیاندنی ئەم مشتەی وەک نموونەی خەرمانێک بە چاک زانیوە..

[ڕازێکی کوردانە]..بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لە ( شۆڕشی سەخت).. پێناسەی شۆڕش و ئامانج لە شۆڕش، ئەمەش دیسان لەپەراوێزی یادی شۆڕشی ئەیلوولدا نووسراوە.. مامۆستا مەسعوود محەمەد وتەنی:

"ئەوەیە جیهانی جەنگ بەهەموو واتایەک و لە هەموو جێیەک و سەردەمێکدا نەفرەتلێکراوی نەفرەتییانە، ئەوە نەبێ وەک پێشتر گوتم شەڕی بەرگریکردن شەرەفێکی گەورەیە و ئەوەشی دەخەمە سەر کە وەرگرتنەوەی زەوی داگیرکراو شەرەفێکی گەورەترە."

شۆڕشی کوردیش کتومت بەم مانایە دێ و لە بنەڕەتدا شەڕی بەرگری کردند لە خود، پاراستینی ناسنامە و کەینوونەی بوونە ! شەڕی مان و نەمانی فیزیکی و ڕۆحییە!

هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و بێلایەنانەی شۆڕش و کەموکوڕی و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی و خستنە ڕووی واقعی ئەو ڕۆژە لە وێنەیەکی گەورە و فراوانتر لەوەی لێرەولەوێ باسی لێوەکراوە و نیشان دەدرێ..

"جەماوەر لای گرنگ نەبوو ئەو چەکە بەشانی کێوەیە بۆ چ مەبەستێکە و خاوەنەکەی کێ بووە چییە و سەرئەنجامەکەی چی دەبێت! .. جەماوەر شتێکی نەبوو بیدۆڕێنێ و ڕامان / تصور نەدەکرا لە هیچ بارێکدا بارێکی لەوەی بەسەریدا سەپاوە سەختر بێتە پێش. سیاسەتی " چی دەبێ با ببێ" و " تەڕبوو لە باران ناترسێ" ئەو ڕۆژە زاڵ بوو بوو بەسەر هۆشی جەماوەردا.. "

ئەمەش خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی گەرەکە و پرسیارێ کە خۆی قووت دەکاتەوە،بریتییە لەوەی ئایا ئەم میللەتە چ هیوایەکی بە و هێزانە هەبووە ئازادی و سەربەخۆیی بۆ بەدەست بهێنن و دواتریش بۆچی خۆی داوەتە دەست قەزا و قەدەر و بێ هیوایی! بەلایەوە گرنگ نییە چ دەبێت و چ ڕوو دەدات؟؟...!

دواتریش دەنووسێ " ئەوەش دڵخۆشکەرە کە ئەم سەختییەیەی شۆڕشی پاشەڕۆژێکی ڕوون و سفت و بێ گرێی لێ چاوەڕوان دەکرێت.. چونکە ئەم سەختیە تەختەی سەر ئاوەکان لادەدات و جەوهەر دەهێڵێتەوە.. دروشمی نەمری حیزبیشمان( پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین) هۆ و زامنی هەرە بنەڕەتی ئەم شۆڕشە سەختەیە."

]بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە[

پەخشانێکە لە فۆڕمی نامەی کوڕێک بۆ باوکی.. دیالۆگێکی بەرزی ئەدەبی و سیاسی لەنێوان ئەو دوو کاراکتەرەدا خوڵقاندووە... ئەدەبێکی بەرز و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند بە باسوخواستی کورد و شۆڕش و پێشمەرگایەتی و سەرکەوتن و چەند باسێکی تر..!

ئەو هەستانەی سەرکوت دەکرێن هەرگیز نامردن. ئەوان بە زیندوویی دەنێژرێن و دواتر لە شێوەی ناشیرینتردا دەردەکەونەوە. زیگمۆند فرۆید

چیرۆک.. لەم ژمارەیەدا لە دەرەوەی شیعر ژانرێکی تری ئەدەبیمان بەرچاو دەکەوی ئەویش چیرۆکە.. ئاڵای سووری کوردایەتی ئامانجی بووە، بەجۆرێک لاپەڕەکانی برازێنێتەوە، بەشی هەموو جۆرە خوێنەرێکی تێدا بێت.. زەوق و چێژی ئەدەبیش بۆ هەموو جۆرە کەسێک جێی بایەخە با پێشمەرگە بێت و لەسەنگەری بەرگریدا بێت! با خەریکی خەبات و شۆڕشیش بێت!.. یاخود کەسێک بوو بێت لە ڕێکخستن کاری کرد بێت ، یان هەر پلە و بەرپرسیارێتییەکی هەبوو بێت..دەشێ فەرەنگ کردنی بابەتەکانی ئاڵا، جگەلەوەی پێداویستییەکی ڕۆشنبیریی و سیاسیشە، هاوکات وەڵامدانەوەی ویستوخواستی خوێنەرەکانی بێت.

به دوای چیرۆکەکەدا جارێکی تر دەچینەوە نێو کەشکۆڵی ئەدەبی کوردیی و لەو سەرچاوە دەوڵەمەندەی [کەڵەپووری شۆڕشگێیمان] ەوە، شیعرێکی بەرز بڵاوکراوەتەوە..بە ناوی (کورد)... ناوی شاعیری لەسەر نییە، لێ شیعرەکە هی مامۆستا هەژارە، باس لە کوردبوونی خۆی دەکات...:

برا زۆر سەیرە زوو نامناسی من هەر لە زوو کوردم

کە تۆ پێنج شەش کەرەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم

[ قوتابخانەی پاسۆک] وانەی هەشتەم

" ئەوانەی لە خۆشەویستی دەتریسن دەبێ بە زووخاوەوە سەر بنێتەوە"

وتارێکە بۆ تیشک خستنە سەر ناسنامەی زیاتری پاسۆک و دەنوسێ:" « پاسۆک» کۆگایەکی پاتاڵ نییە لە قەیسەری هەراجخانەی سیاسەتدا کرابێتەوە هەر ڕۆژەی بەپێی مۆدێل و باوی سەردەم و زەوقی نەخۆش ئەم یان ئەو دیکۆر و کاڵای ناوماڵ بگۆڕێ.."
ئێمە دەزانین دۆخێک لە کوردستان دا هاتە پێشەوە وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو بکرێتە کۆگا و پێشانگای حیزب و حیزبایەتی...لە کاتێکدا زۆر لە مۆدێلانە لە مۆزەخانەکانیشدا باویان نەمابوو..

وتارەکە شۆڕدەبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی مانای پاسۆک و ئەرکی پاسۆک و ئامانجی پاسۆک ، لە کۆنتێکسی خەباتێکی نەتەوەیی و کوردایەتی کردنێکی بێ نیاز و دڵسۆزانەدا نمایش دەکات...

دێڕێکی تری زێڕینی ئەم وتارە" ئێمە ئەگەرچی ( پاسۆک) بە باڵاترین ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەزانین بەڵام دیسانەوە خۆمان و حیزبەکەمان و بیروباوەڕەکەمان هۆ و ڕێگەیەکن بۆ ئامانجێکی پیرۆز کە [[کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسانە]]..

پاسۆک بە درێژایی تەمەنی سیاسی و فیکری خۆی بەردەوام جەتی لەوە کردووە کە سەروماڵی دەکاتە قوربانی خاک و نەتەوەکەیی و ئامانجی ئازادی و سەربەخۆیی و یەکسانی.. هەموو ئەمانەش بە مەرجی یەکگرتوویی و یەک باڵی و یەک هطزی ئەقڵی دێتە دی ! پاسۆک سەد دەر پابەندی ئەو گوتەیە بوو کە "حیزب ئامرازە نەک ئامانج" .. ئامادەیە هەر قوربانییە بدات، لەپێناوی یەکێتی و تەبایی و سەرکەوتنی کورد دا..

]سیمینارێکی کوردانە[

لەژێر دروشمی " با هەمیشە ڕاستی پێشەنگی کاروان بێت.."

سیمینار لە ڕاستیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ ١٤ هاوبیردا بە ناوەکانی ( ڕێبوار، نەبەز، شێرکۆ، ملازم شوان، بێستون، سامان، ئاراس،بەختیار، مەلاشوان، نەسرەدین، جەمال، ملازم سەیفوڵڵا، ڕێباز، ملازم کەریم، ئازاد) کراوە.

پرسیارەکان داڕێژراون و کراون لەسەر زۆر ڕەهەندی حیزب و بیروباوەڕ و ستراتیژ و مێژوو و پەیوەندی کوردستانی و هەلومەرجی شۆڕش و زۆر ڕاشکاوانە پرسیار کراوە و بە تەواوی ئازادییەوە وەڵام دراوەتەوە...بە تێکرا لە میانەی پرسیارکەر و و وەڵام دەرەوە پانۆڕامایەکی زیندووی دۆخەکە دەخەنە بەرچاو.

پاش ئەم بابەتە دوور و درێژە ، شیعرێکی چەند بەیتی هەژاری شاعیرمان بەرچاو دەکەوێتەوە.. ئەوجا نۆرە دێتە سەر بابەتێکی هەمیشە گرنگ و ستراتیژی بەناوی:

]شادەمارە سەرەتاکانمان[

)لەگەڵ دیاریکردنی مافی چارەنووسی هەموو میللەتانی جیهانین، بەتایبەتی ( باسک و بلوج و فەلەستینی و ئیرلەندی(..

گوتارە دووررودرێژەکەی ئەم جارەی ئاڵای سوور بەمێژووی ئەم دروشمەدا و جۆرەکانی ماف و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دێتە خوارێ و باسی : دروستبوونی نەتەوە و گەشە و فراژبوونی دەکات و دێتە سەر باسی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و دوایی خودی مافی چارەنووس و چۆنیەتی بەکارهێنانی و لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی تا کۆنفدراڵی و جیاوازی نێوان ئەم دوو فۆرمەی دەسەڵات دەخاتە ڕوو...! شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتی ئەم پرسە سیاسی و یاسایی و نەتەوەیەیە و زۆر باباتییانە دۆزی کوردی تێدا دەخوێنێتەوە...

وەک شادەمارێکی ستراتیژی مافی چارەنووسی کورد بە فەرمی چەسپێندراوە و وەک تاکە حیزبێکیش لەو سەردەمە ئەنگوستەچاوەدا ئەو دیکۆمێنتە تۆمار کراوە. بایەخی ئەم دروشم و داوا و ستراتیژە لای مێژوونووسانی ئەم بوارەیە و ئەوانەی خەمخۆر و بە پەرۆشی کوردایەتی و چارەنووسی نەتەوەکەیانن و دەتوانین قسەی ڕژدی خۆیان بکەن و بە ویژدانەوە ناوەڕۆکەکەی هەڵسەنگێنن..

زۆر لایەنی مێژوویی و رەنگە لە زۆر شوێنی دیکەدا رووبەڕووی باسێکی لەم جۆرە بینەوە بۆیە لێرەدا بەکورتی دەیبڕێنینەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە دواتر ناوەڕۆکی ئەم وتارە بووە نامیلکەیەکی سەربەخۆی پاسۆک و بەناوی ( نەتەوە و نەتەوایەتی) و وەک کتێبی گیرفان چاپ و بڵاو کرایەوە.

]ماڵاوا..[
جارێ ئەسپیان نییە شەڕ لەسەر چی دەکەن؟!

ناونیشانی وتاری ماڵئاوایی ئەم ژمارەیەیە..

وتارەکە" دە ئەی جەماوەری بەشەرەفی کورد.. ڕاپەڕە بەڕووی کرمی ناوخۆ و پوازی کوردیدا.. ناوماڵی خۆ لەو جەردە و دز و جادوگەرانە پاک وەکە..

گۆتەی شاعیر وتەنی"

نەزانەکان بەوە بناسنەوە، ئەو پرسیارانە دەوروژێنن کە زاناکان هەزاران ساڵ لەمەوبەر . وەڵامیان داوەتەوە"...وتارەکە ڕوونی دەکاتەوە کەوا جارێ بەهیچ نەبووین، هیچ بەدەست نەهاتووە، داگیرکەر زرمەی دێ و دەکوژێ و دەڕمێنێ؟!.. کەچی ناتەبایی و خۆخۆری بازاڕی گەرمە ! شپرزەیی و شیرازە پچڕاوی دیاردەیە و هەموو لایەنەکان هەر خەریکی خۆیان و بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیانن .. ئایدۆلۆژیا و وردە بابەتی لاوەکی هۆکاری دڕندوکی و لێک ترازانن...!

لە کاتێکدا دەرفەتێک هاتۆتە پێش، ٢ داگیرکەری کوردستان کەوتوونەتە گیانگ یەکتر و شەڕێکی خوێناوی و کاولکاری گەورەیان بەرپا کردووە..

بۆ بەرەنگاری ئەم دۆخە تەنها دروشمی" پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین" دەخوا و چارەسەرە.

ماڵئاوا تا خوێندنەوەی ژمارەیەکی تری ئاڵای سوور..

